Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

تەقینەوەیەک مەریوانی هەژاند

سەعات 7ی پاشنیوەڕۆی دوێنێ بە کاتی کوردستان، تەقینەوەیەک لە نێو پارکی فەلەکەی فەرمانداریی کۆنی مەریوان، ئەو شارەی هەژاند. دەوروبەری ئەو شوێنە ماڵی ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ڕێژیمی لێیە و پێدەچێ ئەوان مەبەست بووبن.

تەقینەوەکە ئەوەندە بەهێز بوو کە شیشەی پەنجەرەی گەڕەکەکانی دووریشی لەراند. بەڵام خەسارەتی گیانیی لێنەکەوتووەتەوە. تا ئێستا هیچ کەس و لایەنێک بەرپرسایەتیی ئەو کارەی وەئەستۆ نەگرتووە. هێزەکانی ڕێژیم لەمەریوان و باقی شارەکانی کوردستان لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدان و خەریکی قایمکردنی مۆڵگە و بنکە و بارەگاکانیانن.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
26/ڕێبەندانی/2705
15/فێورییەی/2006

www.rukusa.com - www.ruk2691.com : سایت
E: ruk2691@yahoo.com TEL: Hewler: 2226682 - 4480467 Silemani: 3189462 - 07702540203 : کوردستان
E: ruk_usa@yahoo.com TEL: 202-492-3235, 519-489-0162, 703-286-5389 : ئەمریکا
E: ruk.europa@betuwe.net TEL: 0031263252693 - Fax: 0031263252157 : ئوروپا